# چۆن حەجێکی پاك و پوخت ئەنجام دەدەیت ؟

[ بە کوردی ]

كيف يكون حجك مبروراً
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : سارا ئیسماعیل
الكاتبة : سارا إسماعيل

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# چۆن حەجێكی پاك و پوخت ئەنجام دەدەیت ؟

فەرموودەی زۆر هاتوون ؛ لەبارەیگەورەیی چاكەی حەج و زۆریی پاداشتی لەلای خوای گەورە، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم لەهەندێ فەرموودەیدا حەجی تەواو و بێ كەموكوری بە( الحج المبرور ) وەسفكردووەكەبەمانای حەجی پاك و پوخت دێت ، هەر وەك لەو فەرموودەیەدا كە( بوخاری ) ریوایەتی كردووەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه‌و سلم دەفەرموێت : ( والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة ) واتە : حەجی پاك و پوخت پاداشتەكەی تەنها بەهەشتە.

ئەهلی عیلمیش لەبارەی مانای حەجی پاك و پوختەوەزۆر قەولیان هەیەو هەموویان ماناكانیان لەیەكەوەنزیكە و یەك مانا دەگەیەنن‌كەئەویش : " أنه الحج الذي وفيت أحكامه ، ووقع موقعاً لما طلب من المكلف على الوجه الأكمل " واتە : حەجی پاك و پوخت ئەو حەجەیەكە ئەحكامەكانی بەجێ گەیشتبێت و ، كەسی پێ سپێرراو بەتەواوترین شێوەبەجێی گەیاند بێت.

لەبەرئەوەپێویستەحاجی خاسیەت و نیشانەكانی حەجی پاك و پوخت بزانێت و ، ئەو كارانەی كەدەبنەهۆی چاككردن و تەواوكردنی حەج ئەنجامیان بدات ؟ هەروەها ئەو كارانەش كەدەبنەهۆی كەموكوركردنی حەج لێیان دوور بكەوێتەوە؟ لەبەرئەوەخەڵكی لەحەجكردنیاندا جیاوازییان زۆرە بەپێی دووری و نزیكییان لەسیفەت و نیشانەكانی حەجی تەواوە وە.

1 ـ ئیخلاس و پاشان شوێن كەوتنی سوووننەت یەكەم كارەكەحەجی پێ پاك و پوخت دەبێت ، چونكەئیخلاس كێشانەو بناغەی وەرگرتنی كارەكانە، واتەخوای گەورەتەنها كارێكوەردەگرێت كەپاك بێت و ، مەبەست پێی تەنها خوای گەورەبێت ، لەبەرئەوەبا حاجی بەرێز دەروونی خۆی بپشكنێت و ، نیەتی خۆی بزانێت و ، زۆر ئاگاردار بێت لەهەر نیەتێكی خراپ كەپێچەوانەی دڵسۆزی بێت نەكا حەجەكەی پاداشتی نەمێنێت ، وەك ئەوەی حەجكردن بۆ روووپامایی و ، ناو و شۆرەت و ، خۆشویستنی پیا هەڵدان و مەدح كردن و پلە و پایەلەلای خەڵك بێت ، پێغەمبەری خوا كاتێك حەجی كرد كۆپانی حوشترەكەی كۆن و شڕ بوو لەگەڵ قەدیفەیەك كەپارچەیەكی چنراوی لووس و پووسی توكن بوو چوار درهەمی دەكرد پاشان

دەیفەرموو : ( اللهم حجة لا رياء فيها ولا سمعة ) ابن ماجه ، واتە : خوایەحەجێکم بەنسیب بکەیت رووپامایی و ناو و شۆرەتی تێدا نەبێت.

2 ـ پاشان حاجی هەوڵ بداتحەجەکەی لەسەر سوونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بێت ، ئەوەش بەفێربوونی شێوازی حەجکردنی پێغەمبەر و واجیبات و سوننەتەکانی حەجکردن دەبێت ، پێغەمبەر صلى الله عليەو سلم لە فەرموودەکەی جابر دا دەفەرموێت: ( لتأخذوا مناسككم فإني لا أدري لعلي لا أحج بعد حجتي هذه ) رواه مسلم ، واتە : بنەما و رێساکانی حەج وەربگرن چونکەمن نازانم لەوانەیەلەدوای ئەم حەجەم ئیتر حەجی تر نەکەم.

3 ـ ئەو کارانەش کەیارمەتی حاجی دەدەن تا حەج کردنەکەی پاك و پوخت بێت خۆ ئامادەکردنەپێش حەج کردن ، ئەوەش کاتێكدەبێت کەحاجی تەوبەیەکی راست و ، خەرجی حەڵاڵ لەگەڵ خۆیدا بەرێت و ، هاورێی چاك هەڵبژێرێت و ، گەردن ئازایی بکات و مافی بەندەکانی بەسەرەوەنەبێت ، ... تاد ؛ کەلەئادابی حەجکردن دا باسکراون.

4 ـ هەروەها لەنیشانەکانی حەجی پاك و پوخت : دڵپاکی و ، رەفتاری باش و ، چاکەکردنەبەهەموو شێوەکانیەوە؛ وشەیەکی چاك ، بەخشینی ماڵ ، فێرکردن و رێ نیشان دانی نەزانێك ، ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپەکردن ، ( ابن عمر ) خوای لێ رازی بێت دەڵێت : " إن البر شيء هين ، وجه طليق وكلام لين " . واتە : ئاینخوازیی شتێکی ئاسانە، روویەکی خۆش و دەم بەپێکەنینە و ، قسەی نەرم و نیانە.

واتەچاکەکردن بەهەموو شێوەیەکیەوە هەروەك ـ ابن رجب - دەڵێت : پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم- بە( أبا جُرَيٍّ الهجيمي ) وت : ( لا تحقرن من المعروف شيئا ، ولو أن تعطي صلة الحبل ، ولو أن تعطي شسع النعل ، ولو أن تنزع من دلوك في إناء المستسقي ، ولو أن تنحي الشيء من طريق الناس يؤذيهم ، ولو أن تلقى أخاك ووجهك إليه منطلق ، ولو أن تلقى أخاك فتسلم عليه ، ولو أن تؤنس الوحشان في الأرض ) رواه أحمد . واتە : هیچ چاکەیەك بەکەم مەزانە، ئەگەر بەگەیاندنەوەی پەتێکیش بێت بەخاوەنەکەی تا کۆڵەکەی یان بارەکەی پێ ببەستێت ، ئەگەر بەپێدانی ئەو رایەڵەش بێت کە بۆ راگرتنی نەعل بەپەنجەکانی قاچەوەدەبێت ، ئەگەر لەسەتڵەکەت ئاو بکەیتەقاپ یان حاجەتی کەسێك کەئاوی دەدەیتێ ، ئەگەر بەلابردنی شتێکیش بێت لەسەر رێی خەڵك کەئازاریان دەدات ، ئەگەر بەڕوویەکی خۆش و دەم بەپێکەنینەوەبەبراکەت بگەیت ، یان سەلام لەبراکەت بکەیت کەپێی دەگەیت ، یان خەمبارێك دڵ خۆش بکەیت .

5 ـ هەروەها دەبێ حاجی بزانێت کاتێك حەجکردنەکەی حەجێکی چاك دەبێت کەلەکاتی بەجێ گەیاندنی حەجدا زۆرترین خوا پەرستی بکات و لەگوناهو سەرپێچی دووربکەوێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت : { وما تفعلوا من خير يعلمه الله وتزودوا فإن

خير الزاد التقوى } ( البقرة: 197 ) ، واته : ( وەهەرچی بکەن لەچاکە، خوا پێی دەزانێ ، وە توێشووی ( پارێزگار ی) هەڵبگرن کەباشترین توێشوو پارێزگاریکردنە ) . هەروەها خوای گەورەدەفەرموێت : { الحج أشهر معلومات فمن فرض فيهن الحج فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج } ( البقرة197 ) ، واتە : ( کاتی حەج لەچەند مانگێکی دیاریکراودایەئینجا هەر کەسێك لەم مانگانەدا حەجی لەسەر خۆی پێویست کرد ، با ئیتر نەچێتەلای خێزانی وەبەدکاری نەکات وەدەمەقاڵەنەکات لە حەجدا ) . پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ( من حج هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه ) متفق عليه ، واتەئەوەی حەجی ماڵی خوای کرد و لەگەڵ خێزانی جووت نەبێت و قسەی ناشرین و خراپ نەکات و گوناهەنەکات تاوانی لەسەر نامێنێ وەك ئەوەی تازەلەدایك بوو بێت . چونکە( رفث ) جووت بوونەلەگەڵ خێزان و قسەی خراپ کردنە، ( فسوق ) یش لەابن عباس و زۆرێك لە سەلەفەوەریوایەت کراوەکەفسوق بریتییەلەگوناهەکردن بەهەموو جۆرەکانیەوە، ( جدال ) یش زۆر بڵێی و مشت و مڕ کردنەبەبێ حەق ، جا ئەگەر حاجی بەڕێز مەبەستێتی حەجەکەی بۆ خوای گەورەپاك و پوخت بێت و ، خییانەت لەخوای خۆی نەکات و بێ کەموکوڕی بێت ؛ دەبێت حاجی پابەند بێت بەگوێڕایەڵی خوای گەورەوە، ئەویش بەپارێزگاری کردن لەفەرزەکان و ، خۆ خەریك کردن بەهەر کارێك کەلەخوای گەورەی‌نزیك دەکاتەوە؛ لەیادی خوا کردن و دوعاو خوێندنەوەی قورئان و .. تاد لەدەرگاکانی خەیر، دەبێ سنووری ئەرکەکانی خوای پەروەردگار کەخستویەتییەئەستۆی بەندەوەبیپارێزێت و نەکەوێتەحەرامەوە، گوێ و چاو و زمانی لەحەرام بپارێزێت .

6 ـ هەروەها دەبێت حاجی ئاگادار بێت و هەست بەحیکمەت و نهێنییەکانی حەجکردن بکات ، چونکەجیاوازییەکی گەورەهەیەلەنێوان کەسێك حەج بکات و ئاگادار بێت و لەبیری ئەوەدا بێت کەئەو بەرێ و رەسمی حەجکردن بۆ خوای گەورە هەڵدەستێت ، وەئەو لەهەڵوێست و جێگەیەکدا وەستاوەکەپێشتر پێغەمبەران و زاناکان و پیاو چاکانی تیا وەستابوون و ، لەکاتی حەجکردنیدا لە بیری ئەو رۆژەدا بێت کەبەندەکان دەچنەوەبەردەم قاپی خوای گەورە ، لەگەڵ کەسێکدا کەهەر وەك عادەت حەج دەکات ، یان وەك گەشتێك و سەفەر و گەڕانێك ، یان تەنها بۆ ئەوەی فەرزەکەی لەسەر بکەوێت ، یان تا پێی بووترێت : ( حاجی فڵان) .

7 ـ کۆتایین نیشانەی حەجی پاك و پوخت ئەوەیە کەمسوڵمان لەدوای حەج کردنەکەی سەقامگیر بێت و پابەند بێت بەگوێڕایەڵی خوای پەروەردگارەوە، وەلەدوای حەجکردنی حاڵی باشتر بێت لەپێش حەجکردنەکەی ، چونکەئەوەلەنیشانەکانی قبوڵکردنی خوا پەرستییە، هەندێ لەسەلەف وتویانە : " علامة بر الحج أن يزداد بعده خيراً ، ولا يعاود المعاصي بعد رجوعه " واتە : نیشانەی حەجی چاك ئەوەیەمسوڵمان لەدوای حەجەکەی چاکتر بێت و ، لەدوای گەڕانەوەی لەحەج گوناهەکردن دەست پێ نەکاتەوە، الحسن البصري رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : " الحج المبرور أن يرجع

زاهداً في الدنيا ، راغباً في الآخرة" واتە : حەجی پاك و پوخت ئەوەیەحاجی بەدنیا نەویستی و شەیدایی رۆژی دوایيەوەبگەڕێتەوە .

خوشك و برای حاجی بەڕێز ئەمانەگرنگترین خاسیەت و نیشانەکانی حەجی پاك و پوخت بوون ، کۆشش بکە بۆ داواکردنیان و بەدەست خستنیان تاکو بەپاداشتی حەجەکەت و رەزای خوای گەورەبگەیت ، داواکارم لەخوای گەورەحەجەکەت پاك و پوخت بکات و ، لە تاوانت خۆش بێت و ، ئەرك و رەنجت بەفیڕۆ نەڕوات .

سەرچاوە:

&lang=A&http://www.islamweb.net/ahajj/index.php?group=articles
id=136212